# وەرزێکی سپی لە تۆوە

دیار محمد

deyar_mahamad@yahoo.com




وەك  دڵۆپیێ لە چاوەڕوانی دا توامەوە

بەرلەوەی ون بم لە فڕین

لە شەونمێکی ڕەش پۆشدا

ئەجەل یەخەی فڕین ئەگرێ

بەرلەوەی ماچی گەڵا یاقودیەکانی شار بکەم

تا لە مەزاری بەهەشتتا گەڵای‌پایزی

ماچ  کۆبکەمەوە

با لە ژێر پرچی ئەرخوانیتدا

وەنەوزێك بۆ هەناسە شوشەییەکان بدەم

بە دیار پەنجەرەی ڕۆحی ورد بومەوە

تا خۆم لەتەرزی چاوەڕوانیدا بنێژم

بۆ مشتیێ پەپولەی جگەریت.

ئەفڕم بەرەو مەملەکەتی ئەستێرە ڕەش

پۆشەکان و فریشتە گریاوەکانی ئەوێت

تا خۆم لە شا نەفەسی مەنزڵتا بدۆزمەوە

وەسیەتی ئاسمانی کۆچێکی چاوەڕوانە کراو دەنوسمەوە

لەسەر لاپەڕە نوسراوەکانی قەبرێك

بەر لەئاوس بونی چەترێ  قژە ساواکان

قوتاربون

لەگەڵ سەمای گێژەڵوکە

سێبەری ڕوناکیش لە پرمەدا گیانی سپارد

لەدەم کێلێکی ئاویدا

چ کات چاوەڕێی ماچە کریستاڵیەکانت بکەم

لەوسەری کۆڵانە بیێ دەنگەکانی شارەوە هەڵبێن

تا چاوی سوربوی شەنمەکان بێنمە تکا

لەپاڵ پاڕانەوەی (شازادەی سەر پشت سپی) دا

لە ڕەش پۆشەکانی ئاسمانم بنواڕە و

بە پێخەفی چاوەڕوانی دام مەپۆشە

تا ئەو دەمەی لە بەرائەتی وجودم دەگەی

لە ماچە شوشەییەکانی زەمەن بنێژەو

پرسەیەك بۆ کیژۆلەٚ دڵشکاوەکانی نەزانین بگرە

بەر لەوەی لە سوراوە شوشەکەی لێوت بڕوانم و

لاپەڕە ژەنگاویەکانی هەور

ئەلبومی عەسرێك دەنێژم بۆ کەمەرت و

لە ئامێزە سەوزەکەکەی قژتا دەنوم

دەنوم بەگەڵا یاقوتیەکانت دام بپۆشە

دەنوم لە ئاسمانی ماچە وەنەوشەییەکانتا

تا لە خەوێکی بێ کۆتادا بژیم

وەکو شەهید

بە دیار ڕەق بونەوەی لەشت

لە داستانی قژی سەوزا بمنوسەوە

بەر لەوەی ونبم لەخۆم

یان تۆ ون بکەم لەپێکەنین....